به بۆنەی بیست و سێیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# شانازی بەوەوە دەکەم کە یەکێک بم لە بەشدارانی نووسینی ڕامان

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ**
**(سلێمانی)**

سەیرە کە دەستم دایە قەڵەم، ناوی ئەم گۆڤارە بە نرخەم لەبیرچووبووەوە، (ئای پیری و نەخۆشی). دەی کە وشەی (ڕامان)م هاتەوە بیر، یان هێنرایەوە بیرم، لە یادەوەرییە کۆنەکانی خۆمدا دیمەنی ڕەحمەتی (سادق بەهائەددین)م هاتەوە بەرچاو کە یەکەم جار زۆر زوو نووسیبووی (یەک بیر و یەک بۆچوون و یەک ڕامان)، ئینجا وشەی (ڕامان) بە بنچینە لە بادینانەوە هاتووەتە لای ئێمە، یان لەوانەیە هەر هەمانبووبێ، بۆ ئەوەش بۆچوونی زمانزانێکی باشمان دەوێ. (*)

کە دەمەوێ باسی گۆڤاری بەنرخی (ڕامان) بکەم، دوو دیمەن دێنە بەرچاوم.

**یەکەم:** دیمەنی کاکە ئازاد عەبدولواحید و بنەماڵە دیار و نیشتمانپەروەرەکەی و شاری (کۆیە)، کە هەوڵی کاک ئازاد خۆی دیارە.

**دووەم:** ڕەنگە هەبێت بڵێت ئەو توانستە دراوییانەی خراوەتە بەردەستی کاک ئازاد، بخرێتە بەردەستی هەرکەس هەروا دەبێت.

ئەم بۆچوونە وەک من لە نزیکەوە ئاگام لێیە لە دوو سەرەوە وا نییە، یەکەمیان ئەوەیە لە واقیعدا وا نییە، دووەمیشیان ئەوەیە کە ئێمە بینیمان زۆر کەسی تر هەبوون، زۆر دەسەڵات و دراویان دراوەتێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، کەواتە زۆر هۆ هەن کە وام لێ دەکەن لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی لە کاک ئازاد و هەموو ئەو کەسانە بکەم کە لە دەرکردنی گۆڤاری (ڕامان)دا هاوکاری ئەون.

دێمە سەر گۆڤاری (ڕامان) خۆی.

لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، هەر لە یەکەم ڕۆژنامە (کوردستان)ی بەدرخانییەکانەوە تا ئێستا، زۆر لەو گۆڤار و ڕۆژنامانە تەمەنیان درێژ نەبووە، ئەمە هۆی زۆری هەیە، هەر لە بێ دەرامەتی و ناتوانایی دراوییەوە، بۆ باری تایبەتی نووسەران و هەڵسووڕێنەرانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان.

لەناو ئەو مێژووە ڕەنگینە، تێکۆشەرەدا، گۆڤاری (گەلاوێژ) دە ساڵ ژیا و کۆششی مامۆستایان برایم ئەحمەد و عەلائەددین سەجادی و لە باوەش گرتنی پیاوچاکی کورد ڕەحمەتیی (عەلی کەمال بەگ) دیارە، پاش ئەوەش دەبێ باسی چوار ساڵەی گۆڤاری (هیوا) و کۆششی ڕەحمەتیی مامۆستا مستەفا قازی و یارمەتی پیاوچاکی کورد ئەندازیار ڕەشید عارف بکەین، پاش باسکردنی ئەمانە دێمە سەر گۆڤاری (ڕامان).. (ڕامان) لە ئێستادا و بۆ (ئێستا) و ئەم چەند ساڵەی دەرچووە و دەردەچێ بەردەوام بەرەوپێش چووە، ڕۆڵی (گەلاوێژ) و (هیوا)ی ئەمڕۆ دەبینێ، کە دەڵێم ئەمڕۆ، دیارە کە ئەدەبیاتی کوردی و لێکۆڵینەوەکانی زمانی کوردی زۆرتر بوون و لە زۆر ڕووەوە بەرەو پێشەوە چوون، هەرچەندە لێکدانەوەکانمان بۆ ئەو بەرەوپێشچوونەش جیایە.

(ڕامان) وەک (گەلاوێژ) و (هیوا) هەمەڕەنگە، لە (شیعر)ـەوە بۆ (پەخشان) و بۆ ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین (پەخشانە شیعر) بۆ (چیرۆکی کورت) و بۆ یەکتر بینین، یان بڵێین (هەڤپەیڤین)، یان (مقابلة) بڵاو دەکاتەوە، دیارە هەڵبژاردنی ئەم بەرهەمە هەمەڕەنگانە و پەیداکردنی کەرەستەکانی، هونەری سەرنووسەرە، ئەگەر هەندێک لەو کەرەستانە نووسەران خۆیان بینێرن، ئەوە هەڵبژاردنی بەرهەمە چاکەکان و بە کەڵکەکانیش هەر هونەری سەرنووسەرە.

ڕۆژێک دێ باسی ڕۆڵی (ڕامان) لە بەرەوپێشچوونی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بکرێ، من بۆ خۆم شانازی بەوەوە دەکەم کە یەکێک لە بەشدارانی نووسینی (ڕامان) بم.

ئێستا ڕۆژنامە و گۆڤار زۆرن، ڕەنگە ڕۆژنامە و گۆڤاری پسپۆڕانەش هەبن، یان پێویست بن، بۆ نموونە گۆڤارێک بۆ کیمیا، یان هەر بۆ جۆرێکی کیمیا، یان گۆڤارێک بۆ فیزیا، ئیتر بۆ چ ڕشتەیەکی فیزیا بێ هەر باشە. وابزانم کورد کاتی ئەوانەی هاتووە، بۆ گۆڤاری (ئابووری)ش ئەوە هەر قسە مەکە، بەڵام کە ئەمانە باشن، ئەوە مانای وا نییە کە ڕۆڵی گۆڤارێکی هەمەڕەنگی وەک (ڕامان) نەماوە، یان خوا نەخواستە بڵێم با دۆستی شیرینم کاک ئازاد عەبدولواحید بچێتە ماڵەوە دانیشێ، لە کاتێکدا کە هێشتا توانین و زانستی ماوە و سەرنووسەریی ئەم گۆڤارە بە نرخە دەکات. ئەوەی کە پێم باشە ئەوەیە ڕامان دەبێ بۆ خۆیشی بە دوای بەرهەمی ڕەنگینی تردا بگەڕێ و ڕۆڵی (وەرگێڕان)یش پشتگوێ نەخرێ، بابەتی باش وەربگێڕرێن، بەڵام ئەگەر لە زمانەکانی ئەورووپاوە بن، لای من باشترە، چونکە زۆرجار وەرگێڕان لە عەرەبییەوە دەبینم کە عەرەبییەکە لەبەردەستدایە و خەڵک تێی دەگەن، هەرچەندە ئەم بڕیارە بۆ کاری (ئیبداعی) ڕاست نییە، ئەدەبیاتی جیهان بەردەوام لە بەرەوپێشچووندایە و بابەتی تازە و تازەتریش هاتوونەتە مەیدانی خوڵقاندنەوە، چەند خۆشە خوێنەری کورد ئاگای لەوانەش بێت.

بێمەوە سەر (ڕامان)، بێ گومان گۆڤاری هەمەڕەنگ و بەردەوامی وا، لە ڕووی چاپ و دەرامەتەوە بە سەرنووسەر و ستافی خۆی دەرناکرێ، دەبێ لایەنێک ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ. لەسەر گۆڤارەکە ناوی ئەو لایەنە نەنووسراوە، باوەڕ بکەن منیش نەمپرسیوە ئەم گۆڤارە بە پارەی کێ دەردەچێ، بەڵام چونکە گۆڤارەکە لە هەولێری پایتەختی کوردستان دەردەچێ، ئەوە بۆ ئەوە دەچم کە لایەنێک چ حکوومەتی، یان میللی بێت، ئەرکی بکێشێ، بەڵام ئایا پێویستی بە یارمەتی زیاتر نییە؟ ئەمەش پرسینی دەوێ، وەڵێ پێش ئەوەی بپرسم دەڵێم چی بدرێ بە گۆڤارێکی وا ڕەنگین و وا هەمەڕەنگ کە چەترێکی باشی کۆکەرەوەی نووسەرانی جیاجیایە، ئەوە خزمەتی کوردی تێدایە، هیوام وایە گۆڤارەکە یارمەتیی زیاتر بدرێ و پارەی زیاتری پێ ببەخشرێ، بۆ ئەوەی لەمە جوانتر و هەمەڕەنگتر بێت، چونکە ژیان وایە، لە هەموو جوانێک جوانتر هەیە و لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیاندا ئەمەش دەگۆڕێ.

(ڕامان) گۆڤارێکە نرخی گەورەی لەوەدایە کە ماوە، چونکە لەناو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دەبینی لە پڕ پارە نەبووە، ئەو شوێنەی کە پشتت دەگرێت، لە پڕ پشتت ناگرێت، کادیر نەماوە، چی ماوە و چی نەماوە، هۆکار زۆرن، بەڵام (ڕامان) بەپشتی هەر کەسێک، هەر لایەنێک بێت، ئەوەیان بۆ دابین کردووە کە دەربچێت، ئەمانە گرنگیی خۆیان هەیە، لەوانەیە لەپڕ یەکێکی تر بێت بە سەرنووسەر، بەڵام ڕەنگە هەر تاقەتی نەبێت وەک ئەمانە دەری بکەن.

ئێستا نازانم پاداشت بە نووسینەکان دەدەن، یان نایدەن؟ نەیدەن هەڵەیە، چونکە دە فلسیش بێ ئەو پارەیە نرخێکی هەیە، ئێستا خۆ لەمێژە پاداشت لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نەماوە، ڕۆژنامەی (الاتحاد)یان داخست، من ئەمەم بەلاوە چاک نییە، مەرج نییە پارەی زۆر بدەن، بەڵام بەپێی توانایی شتێک بدرێ باشە.. ئەو سۆڤیەتە کە دەوڵەتێکی شیوعییە، لەوێ بۆ چاوپێکەوتنێک دەچووینە ڕادیۆی مۆسکۆ، یان ڕادیۆی باکۆ، کە دەهاتینە دەرێ لەناو دەرگاکە ئەوەی بەرپرس بوو کیسەیەکی دەخستە گیرفانتەوە، من خواخوام بوو چاوپێکەوتنێک بکەم بۆ ئەوەی قسەی خۆم بکەم، دەیانوت نا ئێرە وڵاتی شیوعییە، ئیش بەبێ کرێ نییە، ڕاستە ئەمە فیکرە، بیرە، بەڵام کرێکارییە، تۆ هاتووی ئیشت کردووە، ئەوە حەقی ئەو ئیشەیە، ئیتر پارەکە زۆرە، کەمە گرنگ نییە، لەدواییدا سەیرێکی زەرفەکەم دەکرد بزانم چەندە، مەبەستم ئەوەیە ئەوێ وابوو، ئێستا لێرە پاداشت نەماوە، نووسەر کە

دەنووسێت و بۆ شوێنێکی دەنێرێت، بەرانبەر ئەرک و ماندووبوونەکەی هیچی پێ نادرێ.

(ڕامان) بەلامەوە گۆڤارێکی چاکە و دەبێ بەم جۆرەی هەیە بمێنێت، حکوومەتی هەرێم و لایەنەکانیش ئەوە لێک بدەنەوە کە ئەم پارە بڕینانە بۆ ئەو شتێکی زۆر نییە بۆ وتارێک کە من بینووسم، ئەوەی دەکرێ ئیشە، هەیە پێویستی پێی هەیە، بۆ پاداشت نووسین ڕەنگە ئەو وتارانەی بلاو دەکرێنەوە جیاوازی نێوان نووسەرەکان ڕەچاو بکرێت، ئینجا بەپێی تەمەنە، بەپێی جیلە، لاوە بتەوێ پشتی بگریت، گەنج هەیە ئەو پاداشتەی لەلا شتێکە، بۆیە من پێم باشە چاوێک بەم مەسەلەیە بگێردرێتەوە.

ئێمە دەبێ بابەتی پسپۆڕیمان هەبێ، تۆ ئەگەر ئێستا گۆڤارێکی پەروەردە دەرکەیت، دەبێ وتار و لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی تێدا بلاوبکەیتەوە، ئەزموونی فلان مامۆستا، بلێین برایم باڵدارێک، کەریم زەندێک بلاوبکەیتەوە، ئەزموونی ئەمانە وەربگیرێن خەراپ نییە، لەوانەیە هەبێت لەسەر قسەکانی بیروڕای هەبێ، بەلام ئەمە تەجرووبەیە.

من ئەو بەردەوامییەی ڕامان بەلامەوە شتێکی گرنگە، گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ترمان ئاوا بەردەوام نەبوون، من ئێستاش (ڕێیا تازە) کە دەردەچێت، هەرچەندە ماوەیەکە نەمدیوە، پێم چاکە. دیارە زەمانی شیوعیەتی یەریڤان دەرچووە، بەلام ئێستاش ڕۆژنامەیەکە بەردەوامە، دە خوێندەوار، بیست، سی خوێندەواری هەیە، چوار کەسی تازە تێیدا دەنووسن، بەلام لە (ڕامان)دا نەوەی جیاجیا تێیدا دەنووسن، هەرچەندە من بۆ باسی گەنج تۆزێک حەساسیەتم هەیە، چونکە گەنجەکە وا قسە دەکات کە نەوەی پێش خۆی هەمووی دەبێ بڕوات.

دەبێ ئەوەش بڵێم تۆ وەک ئازاد عەبدولواحید ئەم (ڕامان)ەت باشتر پێ دەردەکرێت، باشتر لە فلان ئیش، ڕەنگە ئێستا بچیتە کاری حزبایەتییەوە، بتکەن بە فلان، بە فیسار شت، ڕەنگە وەک ئەمە نەبێت، چونکە ئەمە بەم جۆرەی ئێستا دەردەچێت، خەڵکی دیکە وای بۆ دەرناچێت، دەیدەنە دەست یەکێکی دی تێکی دەدا، وای لێ دەکا نەخوێنرێتەوە. ئێستا دەخوێنرێتەوە لە هەموو جۆر بابەتی تێدایە.

هەیە بۆت دەنووسێ، دەبینی هیچی پێ نەماوە، بابەتەکەی شتێکی ئەوتۆ نییە، هەیە وەک جەواهیری لە یەکەم شیعرییەوە تا دوا شیعری باشی نووسیوە، بەلام ئەم قەسیدەیەی لەگەڵ ئەوی دیدا جیاوازییان هەیە، خۆ ئەوە لەلای زۆر شاعیری تریشدا هەیە، لای (گۆران)یش هەیە، ئەم قەسیدەیەی گۆران لای تۆ چاکترە، ئەوەیان لەلای من چاکترە، بەلام کە دیت کابرا توانایی نەماوە، کەرەستەی نووسینی نییە، ناخوێنێتەوە، چونکە ئەوەی نەخوێنێتەوە پێش ناکەوێ، گۆڤاری ڕامان ئەوەیم بەلاوە چاکە، بەلام نەک لەبەر ئەوەی من لە نەوەی کۆنم و تەمەنم هەیە، ئیتر نابێ بنووسم. دەڵێن دەبێ گەنجەکان بێن، دەبێ شت بدرێتە دەست گەنجەکان، قەی ناکا، نەوەی کۆن چ لە حزبدا، چ لە کاری سیاسیدا و چ لە وتار و نووسیندا، هەمووی ئەزموونە، یەکێک یەک دوو وتار، سێ وتارت بۆ دەنێرێت، دەبینی پێی نەماوە، ئاخر ئەوە هەیە، من لەبەر ئەوەی تەمەنم هەیە و نووسیومە و ناوێکم هەیە و فلانم، هەر بۆم بلاوبکەیتەوە، نا، کە دیت ئەو توانایی نەماوە، پێم دەڵێیت، یان پێم ناڵێیت، بەلام بلاوی مەکەرەوە، ئینجا مەبەستم ئەوەیە ئەم هەمەڕەنگییەی (ڕامان)م پێ چاکە، من حەز دەکەم گەنج پشتیان بگیرێ، دەمەوێ لەگەڵیان بین، بەلام نەک هەر لەبەر ئەوەی گەنجە، نووسەرایەتیش هەروایە، هەیە خاوەن توانستە، هەیە تازە هاتووە، هەیە یەکەم وتارێتی، جۆرێک بیر لەخۆی دەکاتەوە، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەم هەمەڕەنگییەی گۆڤاری ڕامانم بەدڵە.

سلاو بۆ (ڕامان) و سەرنووسەر و خوێنەران و کارمەندانی، با هەر لە پێشکەوتندا بێت.

* پیرەمێرد لەمێژە وتوویەتی:

**کەوتینە دەوری، بگرە و بەردەوە**
**یوونسمان کەوتە، دەریای دەردەوە**
**گۆران کە شیعری کەوتە ژیان**
**تۆڵەی نالی بوو، بە (سەیوسێ نان)**
**عەزیزیش ڕۆیی بۆ قەرەچەتان**
**بۆ (بێکەس) دەڵێن: یا الله و ڕامان**

بڕوانە دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، ئومێد ئاشنا، ل٢٧٤، سلێمانی، کە وشەی (ڕامان) لەلایەن پیرەمێردی شاعیر بەکارهاتووە.

**«ڕامان»**